# پارتی سیاسیال دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتەم لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام دەدات

فەرهاد تەفیق، وتەبێژی پارتی سیاسیال دیموکراتی کوردستان بە کەناڵ 8ـی راگەیاند، "ڕۆژی 4/4/2024 پارتی سیاسیال دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتەم لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدەدات، ئەوانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سەکراوون ژمارەیان هەشت کەس بووە و دەتوانن بەشداریی کۆنگرەی حزب بکەن".

وتیشی: سەکراوەکان بانگهێشتی کۆنگرە دەکرێن، بەڵام ئاگەر بەشداری نەکەن دواتر هیچ بەرپرسیارێتیەکیان لەناو حزب نامێنێت، هەروەها دەشێت، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتەوە و سەرکردایەتی پێشوو هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت و ئەوانە دەبنەوە ئەندامی ئاسایی ئاگەر بەشداری کۆنگرە نەکەنەوە و خەیان بەربژێر نەکەن.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە کێشە لەنێوان سەرۆک و جێگری سەرۆکی پارتی سیاسیال دیموکرات سەریهەڵدا و قووبوونەوەی کێشەکانی نێوانیان گەیشتە ئاستێک عەبدوڵڵای حاجی مەحمود کە جێگری سەرۆکی حیزبە سەبکرێت و سەسیالست بەفەرمی داوای لابردنی لە پۆستی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرد.